# بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانڕەوایانی ئێرانیدا

**پ. ی. ئەحمەد باوەڕ**
**(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)**

لەکاتێکدا بمانەوێت بە وردی و وەک سەرەتایەک، لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هەموو ئەو بنەماڵانەی کە بە درێژایی مێژووی نوێ و هاوچەرخ فەرمانڕەوایەتی وڵاتی فارسیان گرتووەتە دەست و بڕوانین. بە تەواوی ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دوو دەسەڵاتە گەورەیەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆ بە بەردەوامی لە مەیدانخوازی و ململانێیەکی بەردەوامی ئەوتۆدا بوون، کە بە زۆری مۆرکێکی لەشکرکێشی و سەربازی لە خۆ بگرێت(١). بە جۆرێک گەورەترین و دیارترین ڕووبەڕووبونەوەی سەربازیی نێوانیان کە هەر لە وڵاتی کوردستان و ناوچە کورنشینەکان ڕووی دا، بە زۆری بۆ سەروبەندی بەرپابوونی جەنگی چاڵدێران و سەرەتاکانی سەدەی شازدەمی زایینی دەگەڕێتەوە، کە لە(٢٣ی ئابی ١٥١٤)دا لە دۆڵی چاڵدێرانی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان و لە هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا هاتووەتە کایەوە(٢).

وەک ئەوەی دەرئەنجامەکەشی بە سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی عوسمانی (١٥١٢- ١٥٢٠) بەسەر دەسەڵات و هێزەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی (١٥٠١- ١٥٢٤)دا کۆتایی هات، وەک دەگوترێت تەنانەت پایتەختەکەشیان کە لەو ماوەیەدا شاری تەورێز بوو. لە (٥ی ئەیلوولی ١٥١٤)دا، بەتەواوی داگیرکرا، لێرەش بە دواوە وڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان بۆ یەکەمین جار لە نێوان ئەم دوو قەڵەمڕەوە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتدا دابەش کرا(٣)، هەروەها هەموو ئەو دەسەڵات و میرنشینە کوردانەش کە لەم قۆناغە و دواتریش دامەزرابوون، بەتەواوی بوون بە دوو بەشی سەرەکییەوە. واتە ئەو میرنشینە کوردانەی کە کەوتنە ژێر



**شێخ مەحموودی حەفید**

دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی (عوسمانی - ئیسلامی) سووننە مەزهەب و هاوکات هەموو ئەوانی تریش کە بە شێوازی دی کەوتنە چوارچێوەی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١- ١٧٣٦) ئیسلامی شیعە مەزهەب و هەموو ئەو بنەماڵانەی کە دواتر و هەریەکە و لە قۆناغی خۆیاندا فەرمانڕەوایەتی وڵاتی فارسیان کەوتووەتە دەست، وەک ئەوەی لە دەرئەنجامی ئەو دابەشبوونەی کوردستان و میرایەتییە کوردییەکاندا گەورەترین بەش لە وڵاتی کوردستان و خاکی کوردستان کەوتە ژێر سایە و فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڕادەیەک ئەم دووبەرەکایەتی و لەشکرکێشی و ناکۆکییەی نێوانیان نەک تەنیا لە قۆناغی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەکاندا، بەڵکو لە ماوەی دەوڵەتی ئەفشاری و سەردەمی کەسایەتییەکی وەک نادر شا(١٧٣٦- ١٧٤٧)ی ئەفشاری، تەنانەت زەندییەکان و کەسایەتییەکی وەک کەریم خانی زەند (١٧٥٠- ١٧٧٩) یشدا درێژەی هەبووە(٤).

لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی قاجارییەکاندا (١٧٩٦- ١٩٢٥)، هەرچەندە ماوەیەکی دوورودرێژە لە ڕووی مانەوەیان لە دەسەڵات، هەروەها ململانێ و مەیدانخوازییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دراوسێیاندا، بەڵام بە ڕادەیەکی تاڕادەیەک کەمتر نەبێت بیانوویەکی ئەوتۆ بۆ نانەوەی ئاژاوە و شەڕ لە نێوانیاندا دروست نەبووە. جگە لەوەش مۆرکردنی هەموو ئەو ڕێککەتنامانەش، کە هەر لە یەکەم ڕێککەوتننامەی نووسراوی نێوانیانەوە، کە لە دوای جەنگی بەناوبانگی چاڵدێرانەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەویش ڕێککەوتننامەی ئوماسییەی (٢٩ی مایسی ١٥٥٥)بووە(٥)، کەچی لە قۆناغەکانی دواتریشدا گەلێک ڕێککەوتننامەی تری بەدوادا هاتووە، وەک ئەوەی بەشێکی زۆر لەو ڕێککەوتننامانە پێوەندییەکی یەکانگیرییان بە کورد و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانەوە هەبووە، بۆ نموونە ئەوانەی ساڵانی پێش هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی، بەتایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی و هەموو ئەو بنەماڵانەی کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەکانەوە کاروبارییان کەوتووەتە دەست، کە بە زۆری پێکهاتوون لە: پەیماننامەی ساڵی (١٥٦٨)، پەیماننامەی فەرهاد پاشای (١٥٩٠)، پەیماننامەی ساڵی (١٦١٣)، کە مۆرکردنی لە ئەنجامی دەستێوەردانی شاعەباسی سەفەوی (١٥٨٨- ١٦٢٩) بووە، بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان(٦)، هەروەها پەیماننامەی سەراوی (١٦١٨)، پەیماننامەی زەهاوی (١٦٣٩)، پەیماننامەی کرندی (١٧٤٨)، پەیماننامەی ئەرزڕۆمی یەکەمی (١٨٢٣)، پەیماننامەی ئەرزڕۆمی دووەمی (٣١ی مایسی ١٨٤٧)، کە بەئامادەبوونی نوێنەری هەریەک لە بەریتانیا و ڕووسیای قەیسەری سەبارەت بە کێشە سنوورییەکانی نێوانیان مۆرکرا کە بەپێی بنەماکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە لایەنی عوسمانی و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی دەست بەرداری هەموو ئەو ناوچانە دەبن، کە بە زۆری دەکەونە ڕۆژئاوای زەهاوەوە، هەروەها لایەنی فارسیش دەست لە شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری هەڵدەگرێت و بەڵێنی تەواو دەدات کە دەست وەرنەداتە نێو سەروەرییەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە(٧). بێجگە لە مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی (٢١ی کانونی یەکەمی ١٩١١)، هەروەها پرۆتۆکۆلی ئەستانەی (٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣)(٨)، بەڵام بەزۆری ئەو میرنشینە کوردانەش، کە لە هەردوو تەوەری دەوڵەتی عوسمانی و فارسیدا بوون، تا ڕادەیەکی زۆر بە ناوی ئەو دوو فەرمانڕەوایەتییەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕێوە دەبرد، هەرچەندە گەلێک جاری واش هەبووە، کە

دوور لە دەسەڵاتی ئەوان بانگەشەی سەربەخۆییان کردووە، وەک دەبینی دیارترین بەڵگەش لەو بارەیەوە هەر یەک لە میرایەتییە کوردییەکانی بابان (١٦٩٩-١٨٥١)(٩)، سۆران (١٨٢٦ - ١٨٣٦)(١٠). لە سەردەمی میرمحەمەد پاشای ڕەواندز، هەروەها میرایەتی بۆتان (١٨٢١- ١٨٤٧)(١١) لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میربەدرخان پاشای بۆتان (١٨٠٣-١٨٦٩)ی گەورەیاندا بووە، کە بۆ ماوەیەک توانیویەتی بە سەربەخۆیی و دوور لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بمێنێتەوە و بە شێوازێکی سەربەخۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕێوە ببەن، بەڵام لە تەوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەکانی ئێرانیدا، دوامیرایەتییەک، کە بۆ ماوەیەکی زۆر توانیبێتی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەویش میرایەتی ئەردەڵان بووە، هەروەها جۆشی پەرەسەندن و هەنگاونانی بەردەوامیان، بە زۆری لە ماوەی حوکمڕانیەتی ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵانی (١٨٠٠- ١٨٢٠)، پاشان خەسرەو خانی کوڕیدا بووە، بە ڕادەیەک هەرکە ئەم میرایەتییەی کورد لەساڵی (١٨٦٥)ەوە غوڵام شاخان بووە بەوالی لە پاش کۆچی دوایی شای ئێرانی قاجاری میرایەتییەکەی هەڵوەشاندەوە و بەم جۆرەش: دوا مەڵبەندی کوردستان، کە تاڕادەیەک سەربەخۆیی هەبوو ئازادی خۆی لە دەست داوە(١٢).

وێڕای ئەوەش ئەم میرایەتییانەی کورد لەگەڵ یەکتردا زۆر تەبا و کۆک نەبوون و گەلێک جاریش هەوڵیان دەدا، کە سنووری میرایەتییەکانیان لەسەر حیسابی یەکتر فراوانتر بکەنەوە، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەک بوو، کە دەسەڵاتیانی بەرانبەر بە نەیارەکانیان، کە بە زۆری تورک و فارس بوون لاوازتر بکات و هاوکات ببێتە مایەی ئەوەی هەوڵی ئەوەش بدەن زووتر لەناویان ببەن و لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، وەک ئەوەی هەریەک لەم میرایەتییانەی کورد لە دەرئەنجامی گەلێک هۆکاری جیاوازی: ناوخۆیی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەنانەت چینایەتی، سەرەڕای گوشاری بەردەوامی هێزی دەرەکی لەناوی بردوون و کۆتایی بە دەسەڵاتیان هاتووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەم میرایەتییانەی کورد لە سەروەختێکدا هەنگاو و قۆناغێکی زۆر گرنگ بوون لە مێژووی نەتەوایەتی گەلی کورد، بێ ئەوەی لە دواڕۆژ و ئاییندەدا ببنە بناغەیەک بۆ هاتنەکایەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە پێناوی ڕزگاری کوردستان و هاوکات پێکەوەنانی کوردستانێکی سەربەخۆ، بەوەی کە دواتر گەلێک ڕاپەڕین و شۆڕشی گەورەی لێ کەوتەوە، بەتایبەتی ئەو ڕاپەڕینەی کە: شێخ عوبەیدوڵڵای کوڕی سەید تەهای شەمزینی (نەهری) لە ساڵی (١٨٨٠)ەوە ڕێبەرایەتی دەکرد (١٣). لە دەرئەنجامی پێکەوەنانی (کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان) و بەشێک لە نەتەوەکانی تری وەک ئەرمەن و ئاشووری دژی هەردوو: (دەسەڵاتی بیانی عوسمانی و قاجاری) بۆ ئەم مەبەستەش شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ویستی دۆستایەتی کورد و ئەرمەن پتەوتر بکات و هەر ناکۆکییەکیش هەبووبێت لەنێوان کورد و ئەرمەنییەکاندا بە شێوازێکی هێمنانە چارەسەریان بکات(١٤).

بۆ بەرپەرچدانەوە و سەرکوتکردنی شۆڕشەکەش هەریەک لە ئێرانی قاجاری و تورکیای عوسمانی سوپایەکی گەورەی خۆیان خستەگەڕ(١٥). سەرەڕای دەستێوەردانی ڕووسیای قەیسەری و بەریتانیا لەساڵی (١٨٨١)دا، کە بە هەردوو لایانەوە توانییان کەسایەتییەکی وەک شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ڕازی بکەن بەوەی کە لەڕێگای دانوستاندن و وتووێژەوە کێشەکانی چارەسەر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش کاتێک سەردانی ئیستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی کرد لە جیاتی ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت، کەچی لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانییەوە: دەستگیریان کرد و زیندانییان کرد (١٦)، بەڵام دواتر کە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا توانی بۆ جارێکی دی بگەڕێتەوە کوردستان، ئەوەبوو بۆ جارێکی تر گیرایەوە و بە خێزانەوە بۆ وڵاتی حیجاز دوورخرایەوە و لە (تشرینی یەکەمی ١٨٨٣)، هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد(١٧).

بەجۆرێک دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەبینی لێرەو لەوێ گەلی کورد بەرانبەر بە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و هەموو ئەو بنەماڵانەی کە لە قۆناغی جیا جیادا کاروباری ئێرانیان گرتووەتە دەست بە بەردەوامی ڕاپەڕیون و ناڕەزایی توندیان دەربڕیوە، بۆ نموونە: پێش هەڵگیرسانی یەکەمین

جەنگی جیهانی و لە ساڵی (١٩١٣)دا، چۆن بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و بازرگان و سەرۆک هۆز و موفتی شاری سەردەشت، تەنانەت ڕەشۆکی نێو کۆمەڵانی خەڵکیش بە ناوی هەموو چین و توێژەکانیانەوە لە شارێکی وەک (سەردەشت)ی ئەو کاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەڕێگەی بەرزکردنەوەی یادداشتنامە و برووسکەیەکەوە، بەتایبەتی لە ڕێکەوتی (٢٩ی تەمووزی ١٣٢٩ ڕۆمی) بەرانبەر بەساڵی (١١ی ئابی ١٩١٣ زایینی) هانایان بردووەتە بەر سوڵتانی عوسمانی بۆ ئەوەی وەک فەرمانڕەوایەکی ئیسلامی لە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارێکی دڕندەی وەک (عیزەتوڵڵا خان)ی فەرمانڕەوای ئێرانی قاجاری بیانپارێزێت و داکۆکی لە مافەکانیان بکات(١٨)، هەروەها لەم ماوەیەش بەدواوە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دژ بە دەوڵەتی عوسمانی و فارسی قاجاری تەنیا بە خەباتی چەکدارییەوە بەند نەبووە، بەڵکو چالاکی ڕووناکبیری و کاری ڕێکخراوەیشی گرتووەتەوە هەر لەدەرکردن و بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییەوە لە(٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)ەوە لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسر(١٩)، تا دەگاتە دامەزراندن و پێکهێنانی هەموو ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییانەی کە پاش هەڵگەڕانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و بەڕێبەرایەتی کۆمەڵەی (یەکێتی و سەرکەوتن - الاتحاد و الترقي) هاتنەکایەوە لەوانە هەوڵەکانی دواتری بنەماڵەی بەدرخانییەکان، بەتایبەتی کەسایەتییەکی وەک عەبدولڕەزاق بەدرخان پاشای بۆتان (١٨٦٤-١٩١٨)(٢٠)، کە توانیویەتی لەسەرەتاکانی ساڵی (١٩١٣)ەوە، کۆمەڵەیەکی ڕووناکبیری لە شاری (خوی) ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک بهێنێت (٢١). سەرەڕای کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کوردی بە هاوکاری دانیشتوانی ناوچەکە، لەمەشیاندا هەوڵی داوە سوود لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی ڕووسیای قەیسەری وەربگرێت بۆ دژایەتیکردنی فەرمانڕەوایانی قاجاری ئێران و دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها لە دەرئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەی کە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٩٠٩ - ١٩١٤)(٢٢) دژ بە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی بەرپای کرد، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩١٣)دا هێزێکی سووپایی گەورەیان بە مەبەستی دەستگیرکردن و لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی نارده سەری، کەچی ئەویش بە مەبەستی پەنابردنە بەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەکەی خۆی بەجێ هێشت و بوو بە میوانی سەید تەهای کوڕی محەممەد سدیقی نەهری لە گوندی(ڕاژان)ی نزیک شاری ورمێی ئەوکاتە (٢٣)، بەڵام دەروازەی باڵای عوسمانی لای خۆیەوە دیارییەکی بەنرخی تەرخان کرد بۆ هەرکەسێک کە بتوانێت دەستگیری بکات، وەک ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان لە گوندی گەنگە چینەوە لەلایەن کەسێک بەناوی سۆفی عەبدوڵڵای شکاکەوە دەستگیردەکرێت و دووبارە ڕادەستی تورکەکان دەکرێتەوە (٢٤)، ئەوانیش لە ڕێکەوتی (١٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٤)دا و لە سەروبەندی بەرپابوونی یەکەمین جەنگی جیهانیدا لە شاری مووسڵی ئەو کاتە لەگەڵ چوار کەسی دی لە هاوەڵانیدا لەسێدارەیان دەدەن(٢٥). هەرکە یەکەمین جەنگی جیهانیش هەڵگیرسا، هەرچەندە وڵاتێکی وەک ئێرانی قاجاری و بەتایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەحمەد شا(١٩٠٩ - ١٩٢٥) ی قاجاریدا بەتەواوی بێ لایەنی خۆیان ڕاگەیاندبوو(٢٦). کەچی هیچ وڵاتێکی بەشداربووی یەکەمین جەنگی جیهانی ڕێزی ئەم بێ لایەنییەی نەگرت (٢٧).

هاوکات کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی هەردوو لا بوونە گۆڕەپانی ململانێی هێز و لەشکری سەربازی بەریتانیا و ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی(٢٨). سەرەڕای هەنگاونانی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی زۆر نهێنی لە نێوانیاندا بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەویش بە ڕێکەوتننامەی (سایکس-بیکۆ) ناسرا و لە(١٦ی مایسی ١٩١٦) مۆرکرا (٢٩). هاوکات وڵاتی کوردستانیش بەتەواوی دەکەوتە چوارچێوەی ئەو نەخشە و پلانە داگیرکارییەوە، کە وڵاتانی ناوبراو لە سەروبەندی ڕێککەوتننامەی ناوبراوەوە پلانی پێشوەختیان بۆ داڕشتبوو(٣٠). ئەوە بوو هەر لە ماوەی ساڵانی جەنگیشدا، کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموودی حەفید کە شان بە شانی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دژی هێزەکانی سوپای بەریتانیا دەجەنگا لە ناوچەکانی باشووری عیراقی ئەو کاتە، بە تایبەتی لە شەڕی شوعێبەی (١٢ی نیسانی ١٩١٥)دا،

بەجۆرێک هەر لەم ماوەیەش بەدواوە کە شکستی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانیی بەچاوی خۆی دی، بۆیە لە شاری سلێمانی و بە ڕاوێژ لەگەڵ ژمارەیەک لە پیاوماقووڵان و کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو دەمانەی باشووری کوردستان و شاری سلێمانی کەوتنە ئەوەی کە نوێنەرێکی خۆیان بنێرنە لای ئینگلیزەکان و بە مەبەستی دامەزراندنی ئیدارە و حکوومەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان و لەژێر سایەی فەرمانڕەوایانی بەریتانیادا. جگە لەوەش سوپای ڕووسیای قەیسەری بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت لە سێ بەرە و تەوەری سەرەکییەوە هێرشیان کردبووە سەر باشووری کوردستان(٣١)، هەرچەندە دواتریش ئەم وڵاتە زلهێزەی جیهان بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی (ئۆکتۆبەری ١٩١٧)ـەوە لە ڕیزی هاوپەیمانان چوونە دەرەوە و بە یەکجاری لە ناوچەکە کشانەوە.

دواتر و لە کۆتاییەکانی ساڵی(١٩١٨)دا، حکوومەتی کوردستانی باشوور بەهۆی ڕێک نەکەوتن و نەگونجانی شێخ مەحموودی حەفید لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئینگلیزەکان، بەتایبەتی کەسایەتییەکی وەک مێجەر سۆن (١٨٨١- ١٩٢٣)(٣٢) و هەوڵەکانی بۆ ناردنی نوێنەر بۆ شاری تاران بۆ ئەوەی لای باڵیۆزی وڵاتانی بێگانە سکاڵا دژی ئینگلیزەکان بکات، وەک ئەوەی بۆ ئەو مەبەستەش کەسایەتییەکی وەک تۆفیق فیکرەتی (١٨٨٦- ١٩٥٧)(٣٣) ناردووەتە لای ئەمەریکاییەکان(٣٤)، بەڵام کاتێک هەوڵەکانی لەم بوارەدا دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە، بۆیە کەوتووەتە پلانی ڕزگارکردنی شاری سلێمانی لە دەسەڵاتی بەریتانیا و لەم هەنگاوەشیدا، تارادەیەک کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی کەسایەتییەکی وەک مەحموود خانی دزڵی لە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە نزیکەی (٣٠٠) چەکداری ئەو کاتەوە(٣٥) لە (٢٠ی مایسی ١٩١٩)دا گەیشتووەتە سەر کەلی گۆیژە و ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و چاوەڕێی فەرمانی حوکمداری کوردستان بووە، (مێجەر سۆن)یش هەرچەندە ئاگاداری بارودۆخەکە بووە، تەنانەت شێخ مەحموود حەفیدیشی ئاگادارکردەوە، بەوەی کە مەحموود خانی دزڵی بە لەشکرێکی زۆری هەورامییەوە گەیشتووەتە ناوچەی شارباژێر بە نیازی دیدەنی تکایە تێی بگەیەنن، کە تەنیا بە(١٠) دە کەسی بێ چەکەوە بێنە ناو شارەوە و لە پۆلیسخانە چەکەکانیان دابنێن(٣٦)، بەڵام ئەمە دەرئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ (مێجەر سۆن) لێ نەکەوتەوە، بۆیە بە ناچارییەوە بەرەو شاری کەرکووک هەڵاتووە و سلێمانی لە دەسەڵاتی هێزەکانی بەریتانیای گەورە ڕزگارکراوە، هەروەها ماوەیەکی زۆریشی نەخایاندووە، هەر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چەند هۆزێکی تری کورد لە فەرمانڕەوایانی ئێرانی قاجاری ڕاپەڕین و وا خۆیان ڕاگەیاندووە، کە ئەوان لایەنگیری شێخ مەحموودی حەفید دەبن و پرۆژەی کوردستانی ئازاد و یەکگرتووی بۆ سەردەخەن(٣٧)، کەچی لەو لاشەوە وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی هاوپەیمانان سەرگەرمی بەستنی کۆنگرەیەکی جیهانی بوون بۆ ئاشتی دوای شەڕی یەکەم وەک ئەوەی لە(١٨ی کانوونی ١٩١٩)دا دەستی بە کارەکانی کردبوو(٣٨) نوێنەری کوردیش، کە شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان (١٨٦٥- ١٩٥١) بوو لە لایەن ڕێکخراوی (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)ـەوە ڕاسپێررابوو بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بکات.

بە جۆرێک ئەویش لە کۆنگرەی ناوبراودا یادداشتنامەیەکی دەربارەی خواستەکانی گەلی کورد خستووەتەڕوو، هەروەها پێشتریش لەلایەن شێخ مەحموودەوە و پێش هەڵوەشانەوەی حکوومەتی یەکەمی نوێنەری خۆی ناردبووە لای کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی لە سەر هەمان نوێنەرایەتی قایل بن(٣٩)، بەڵام فەرمانڕەوایانی بەریتانیا ڕازی نەبوون، بەوەی کە وڵاتێکی وەک ئێرانی قاجاری لە کۆنگرەی ناوبراودا بەشدار بێت: بەبڕ و بیانووی ئەوەی لە جەنگدا بەشدار نەبووە و بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو، بەڵام مەبەستی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لەمەیاندا بە زۆری لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئێران لە پلان و نەخشەی داڕۆژی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە ڕادەیەک دووربخاتەوە، کە نەتوانێت ڕۆڵێکی ئەوتۆ ببینێت. لەو لاشەوە فەرمانڕەوایانی ئێران لە ڕێگای ئەو یادداشتنامەیەوە، کە ناردبوویان بۆ کۆنگرەکە داوای ناوچەیەکی بەرفراوانی کردبوو کە بخرێتە سەر وڵاتەکەی لەوانە بەشێکی زۆری ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون،

سەرەڕای شاری مووسڵ و ئەو ناوچانەش کە دەکەوتنە سەر ڕووباری فورات(٤٠). دیارترین پلانێکیش کە هەر لەم کۆنگرەیەدا کاری بۆ کرا هێنانەکایەی سیستمی (ئینتداب) بوو، کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دوای جەنگی گرتەوە، لەوانە وڵاتی عێراق، کە لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی سان ڕیمۆی (٢٥ی نیسانی ١٩٢٠)دا، کە لە وڵاتی ئیتالیا بەڕێوەچوو بەتەواوی خرایە ژێر ئینتیدابی بەریتانییەوە، دوای ئەوەی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی نەتەوەکانی – عصبة الامم) بە شێوازێکی فەرمی لە (٣ی ئایاری ١٩٢٠)ەوە لەسەر ناوەرۆکی پرۆژەکە ڕازی بوو، بەڵام ئەم هەلومەرجە و بڕیاردان لە سەر سیستمێکی ئەوتۆ لای هەموو گەلانی عێراق وەک جۆرێک لە سیاسەتی داگیرکاری دەهاتە بەرچاو، بۆیە لێرە و لەوێ نارەزایی توند بەرانبەر بەو بارودۆخە هاتەکایەوە تا ئەو کاتەی بە تەواوی ڕاپەڕینێکی بەرفراوان، یان بڵێین: شۆڕشی (٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠)ی لێ کەوتەوە، بەڵام ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان هەرچەندە تا ئەم دەمانەش بەشێک نەبوون، لە وڵاتی عێراق، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند ناوچە و شار و شارۆچکەیەکی ئاوەدانی وەک: کفری، قزڕەبات، خانەقین، خورماتوو، تەنانەت کەرکووکی ئەو کاتەیش ڕاپەڕینیان دژ بەفەرمانڕەوایەتی بەریتانیا و سیاسەتی داگیرکارانەی بەریتانیا بەرپابوو(٤١).

سەبارەت بە وڵاتی ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شۆڕشی ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) لە سەرەتای پەرەسەندن و بەرفراوانبوونیدا بوو دژ بە فەرمانڕەوایانی ئێرانی قاجاری تا ئەو کاتەی کەسایەتییەکی وەک ڕەزاخانی مازندەرانی (١٨٧٨- ١٩٤٤) کە بە (میر پەنج) ناسرابوو، توانی لە ڕێگای بەرپاکردنی کوودەتایەکی سەربازییەوە، کە بە یەکەمین کوودەتای سەربازی لە نێو ئێرانی قاجاری و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت(٤٢) لە بەرەبەیانی (٣ی ئەسفەندی ١٢٩٩)ی هەتاوی بەرانبەر بە (٢١ی شوباتی ١٩٢١زایینی) و وەک فەرماندەیەکی سەربازی و بەسەید زیائەددینی تەباتەبائی وەک کەسایەتییەکی سیاسی لە ناوچەی قەزوینەوە بەرەو ناوەندی شاری تارانی پایتەختی فەرمانڕەوایانی قاجاری پێشڕەوییان کرد و بێ خوێن ڕشتنێکی ئەوتۆ توانییان دەسەڵات بگرنە دەست و کۆتایی بە دەسەڵاتی زیاتر لە دووسەد ساڵەی فەرمانڕەوایەتی قاجاری بهێنن و لێرەش بەدواوە سەردەمێکی نوێ و دەسەڵاتێکی نوێ دەست پێ بکات، کە دواتر و لە(٢٢ی نیسانی ١٩٢٥)ەوە، ڕەزاخانی مازندەرانی لە بەردەم پەرلەمانی ئەو کاتەی ئێراندا، وەک ڕەزا شای ئێرانی پەهلەوی تاجی شاهانەی لەسەر بنێت و لێرەش بەدواوە خۆی و دواتر محەمەد ڕەزای (١٩١٩ – ١٩٨٠) کوڕی لە کاروباری دەسەڵاتدا بەردەوام بوون، تا ئەو کاتەی دوای چەندان ساڵ فەرمانڕەوایەتی و لە(١١ی شوباتی ١٩٧٩)دا، بەتەواوی کۆتایی بە زنجیرە دەسەڵاتی پەهلەوی و دوا شای بنەماڵەی پەهلەوی محەمەد ڕەزاشا هێنرا، پاشان سیستمێکی کۆماری مەزهەبگەرای ئیسلامیی ئێرانی بە ڕێبەرایەتی خومەینی (١٩٠٥ – ١٩٨٩) کاروباری وڵاتی ئێرانیان گرتە دەست.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


١- صباح عبدالرحمن، العلاقات العراقية – الايرانية ١٩٤٥- ١٩٥٨، (بغداد: ٢٠٠٣)، ص١٦.

٢ – ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، ايران وتركيا، دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، (الموصل: ١٩٩٢)،ص٢٢.

٣ – فائزه حسين، التطور السياسي والفكري للحركة القومية الكردية ١٩٣٩ ١٩٧٩، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية،(جامعة بغداد: ١٩٩٥)، ص١١.

٤ – ناز ناز محەمەد عەبدولقادر، میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی قاجاریەکاندا، (هەولێر: ٢٠٠١)، ل١١٤.

٥ – علي شاكر علي، العراق في العهد العثماني ١٦٣٨ – ١٧٥٠ دراسة في احواله السياسية، (بغداد: ١٩٨٥)، ص٧٤.

٦ – جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية ومشكلة الحدود العراقية الايرانية، دراسة قانونية وثائقية، (بغداد: ١٩٨٥)، ص٢٠٥.

٧ – المركز الوطني للوثائق، التسلسل ٨٢٧/ ٣١١، رقم الوثيقة (٢)، العراق، وزارة الخارجية، قضية الحدود

العراقية - الايرانية، معاهدة ارض روم الثانية ١٨٤٧، ص٧.

٨ - ابراهيم خليل احمد، خليل علي مراد، المصدر السابق، ص١٥٨، شاكر صابر الضابط، العلاقات الدولية ومعاهدات الحدود بين العراق وايران، (بغداد: ١٩٦٦)، ١٨- ٦٣.

٩ - بڕوانە: (محمد امين زكي، تاريخ السليمانية وانحائها، ترجمة: محمد جميل روزبياني، (بغداد: ١٩٥١).

١٠- ينظر: جمال نبز، الامير الكردي مير محمد باشا الرواندزي الملقب بـ(ميرى كوره)، ت: فخري سلاحشور، ط٢، (اربيل: ٢٠٠٣)، ص٢١٧ - ٢٢٨.

١١- بڕوانە: كريس كوچرا، جنبش ملى كرد، ترجمة: ابراهيم يونسي، (تهران: ١٣٧٧)، ص٢١-٢٤.

١٢- عەبدولڕەحمان قاسملو، كوردستان و كورد، لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی و ئابووری، و: عەبدوڵڵای حەسەن زادە، چ ٢، (هەولێر:٢٠٠٦)، ل٤٢.

١٣- كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، (بغداد: ١٩٨٥)، ص٢٣٦.

١٤- سەعدی عوسمان هەرۆتی، بزاڤی رزگاریخوازی لە كوردستانی رۆژهەڵاتدا ١٨٨٠- ١٩٣٩، (هەولێر: ٢٠٠٧)، ل١١٨.

١٥- نادر انتصار، مافيای قدرت، بررسی ناسیو نالیزم قومي - نژاد كردها، ت: عرفان قانعی فرد، (تهران: ١٣٨٥)، ل٣٥.

١٦- عەزیزی شەمزینی، س. ث، ل١٢٢.

١٧- كمال مظر احمد، المصدر السابق، ص٢٤٠.

١٨- خليل علي مراد، مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية، (السليمانية: ٢٠٠٥)، ص١٢٦.

١٩- بە زۆری تا ئەم ماوەیەش وا تێگەیشتبووین، كە یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی لە ڕێكەوتی (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨) دەرچووە، بەڵام بەپێی لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری، كە فەرهاد شاكەلی لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە (٤١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا، بڵاوی كردووەتەوە بەتەواوی ئەو گومانەی یەكلایی كردووەتەوە و سەلماندوویەتی، كە ڕۆژنامەی (كوردستان) یەكەمین ژمارەی لە ڕێكەوتی (٢١ی نیسانی ١٨٩٨)دا دەرچووە. بڕوانە: فەرهاد شاكەلی، ڕۆژنامەگەری كوردی: ڕاستكردنەوەی هەڵەیەكی چل ساڵە، ئاسۆ (ڕۆژنامە)، ژمارە (٤١٣)، یەک شەممە ٢٢/٤/٢٠٠٧، ل٤.

٢٠ - سەلاح محەمەد هەروری، عەبدلڕەزاق بەدرخان ١٨٦٤- ١٩١٨، (سلێمانی: ٢٠٠٥)، ل٥١.

٢١ - كمال مظهر احمد، دراسات في، ص٢٤٤.

٢٢ -ينظر: عبدالمنعم الغلامي، الضحايا الثلاث، (الموصل:١٩٥٥).

٢٣ - مسعود بارزاني، بارزان والحركة التحررية الكردية، انتفاضة بارزان الاولى ١٩٣١- ١٩٣٢، (كردستان: ١٩٨٦)، ص٢٠، ٩- م- ر هاوار، سمكۆ (ئیسماعیل ئاغای شكاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد، چ٢، (سلێمانی: ٢٠٠٥)، ل٢٥٩.

٢٤ -نەوشیروان مستەفا ئەمین، كورد و عەجەم، چ٢، (سلێمانی: ٢٠٠٥)، ل٤١٣.

٢٥ - ئەفراسیاو هەورامی، كورد لە ئەرشیفی ڕووسیا و سۆڤیێتدا، پیاچوونەوەی: مستەفا غەفوور، (هەولێر:٢٠٠٦)، ل٣٨٦.

٢٦ - فوزي خلف شويل، ايران في سنوات الحرب العالمية الاولى، (البصرة: ١٩٨٠)، ص٥٦.

٢٧ - نەوشیروان مستەفا، كورد و عەجەم، ل٢٤٣.

٢٨ - عباس العزاوي، تاريخ العراق بين الاحتلالين، العهد العثماني الاخير ١٨٧٢- ١٩١٧، ج٨، سنة الطبع (بلا)، ص٣٠٧-٣٠٩.

٢٩- احمد عثمان، مبدأ التنظيم الدولي لادارة المستعمرات و تطبيقاته في نظامي الانتداب و الوصاية الدولي (القاهرة: ١٩٦٢)،ص١٢٤

٣٠ - كمال مظهر احمد، اضواء على القضايا الدولية في الشرق الاوسط، (بغداد: ١٩٧٨)، ص١٣٤-١٣٧.

٣١- شكري محمود نديم، الجيش الروسي في حرب العراق ١٩١٤ - ١٩١٧، ط٣، (بغداد: ١٩٧٤)، ص١٩- ٤٢.

٣٢ - میجەر سۆن: ئیلی بانیستەرسۆن پێش ئەوەی لە سەرەتای بیستەكانی سەدەی ڕابوردوودا ببێتە فەرمانڕەوای سلێمانی دوای میجەر نوئێل، بە ناوی خواستراوی (میرزا غولام حوسێنی شیرازی)یەوە گەشتێكی بە وڵاتی كوردستاندا كردبوو، لە ساڵی

١٩٠٢ شەوەوەک ژمێریارێک لە بانکی ئیمپریالی ئێراندا کە بەریتانیا سەرپەرشتی دەکرد کاری کردووە و نێردراوە بۆ تاران. لە ساڵی ١٩٠٥ەوە بووە لە سەر مەزهەبی جەعفەری بە موسڵمان و شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەبووە. لە ساڵی ١٩١٧ەوە کە بەریتانیا شاری (خانەقین)یان داگیر کرد، ئەم حاکمی سیاسی شاری (مەندەلی) بوو. لە نێوان ساڵانی (١٩١٩- ١٩٢٢)دا کە حاکمیەتی شاری سلێمانی پێ سپێررا بە یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنەکانی شێخ مەحموود دادەنرا و هەر لەو ماوەیەشدا هەفتەنامەیەکی بە زمانی کوردی و بە ناوی (پێشکەوتن)ـەوە دەرکرد و بەسەریەکەوە (١١٨) ژمارەی لێ بلاو کردەوە. لە ساڵی ١٩١٨ەوە تووشی نەخۆشی سیل بووە و بە یەکجاری لە ٢٣ ی شوباتی ساڵی ١٩٢٣ دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: عبدالرحمن ادریس البیاتي، الشیخ محمود الحفید (البرزنجي) و القوات البریطانیة في کردستان حتی عام ١٩٢٥، (السلیمانیة: ٢٠٠٧)، ص٥٣، میجەر سون: رحلة متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ت: فواد جمیل، ج١، (بغداد: ١٩٧٠)، ص٣٤٩- ٣٥٠.

٣٣- تۆفیق فیکرەت: ناوی تەواوی تۆفیق عەبدولڕەحمان ئاغایە و نازناوی (فیکرەت)ـە، لە ساڵی (١٨٨٦)دا لە شاری بەغدا هاتووەتە دنیاوە، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە باوکی وەزیفەی سەربازی هەبووە لەو شارەدا و سەرەتاکانی خوێندنی لە حوجرەوە دەست پێ کردووە، بەڵام لە ساڵی (١٨٩٦) خراوەتە قوتابخانەی ئەعدادییەی موڵکی و دوای چەند ساڵێک دەستی لێ هەڵگرتووە و پێوەندی بە ڕوشدییەی سەربازییەوە کردووە، دواتر بۆ خوێندنی باڵای سەربازی چووەتە ئیستەنبوڵ و قوتابخانەی شاهانەی جەنگی تەواوکردووە، پاشان بووە بە ئەفسەری سەربازی لە سوپای عوسمانیدا، لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٩- ١٩١٧) لە شارەکانی بەسرە، بەغدا و کەرکووک و سلێمانی بۆ ماوەی (١٤) ساڵی تەواو لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا کاری کردووە و شارەزایی تەواوی لە زمانەکانی: تورکی، عەرەبی، فارسی و تاڕادەیەک فەرەنسیدا هەبووە، لە یەکەمین جەنگی جیهانی بە دواوە و لە ماوەی ساڵانی (١٩١٩- ١٩٥٠) بە زۆری لە بواری پەروەردەدا مامۆستایەتی کردووە و لە شار و شارۆچکەکانی: سلێمانی، شەترە، کەرکووک و پێنجوێن ژیانی مامۆستایی و خزمەتکردنی بەسەر بردووە و لە ساڵی (١٩٤٩)دا خانەنشین کراوە و دواتریش لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی مەعاریف بۆ ماوەی دوو ساڵی تر مامۆستایی کردووە و لە (١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠)دا، بەتەواوی لە بواری پەروەردەش دوورکەوتووەتەوە و تا ئەو کاتەی لە (١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥٧) دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لەگردی (سەیوان) نێژراوە.بڕوانە: سدیق ساڵح، تۆفیق فیکرەت نێردراوی شێخی نەمر بۆ تاران ساڵی ١٩١٩، هەزار مێرد (گۆڤار)، ژمارە (١٥)، ئازاری ٢٠٠١، ل٧٠- ٧٤.

٣٤ - جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ و هەستانەکەی ڕەواندز، زنجیرەی هەشتەم (١)، چاپخانەی العربیة، (بەغدا: ١٩٧٠) ل٢٧، کمال مظهر احمد، اضواء علی القضایا الدولیة في الشرق الاوسط، ص٢١.

٣٥- جەلال تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٣٦ - ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، (سلێمانی: ١٩٦٨)، ل٣٧.

٣٧ - جرجیس فتح الله، یقظة الکرد، تاریخ سیاسي ١٩٠٠- ١٩٢٥، (اربیل: ٢٠٠٢)، ص٢٢٥.

٣٨ - محمد محمد صالح وآخرون، الدول الکبری بین الحربین العالمیتین ١٩١٤- ١٩٤٥، (بغداد: ١٩٨٤)، ص٧٤.

٣٩ - م- ر هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ٢، (لەندەن: ١٩٩١)، ل١٢.

٤٠ - کمال مظهر احمد، کوردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی، ترجمة: محمد الملا عبدالکریم، ط٢، (بغداد: ١٩٨٤)، ص٣٣٢، ابراهیم خلیل احمد و خلیل علي مراد، ترکیا و ایران، ص٢٠٧.

٤١ - کمال مظهر احمد، دورالشعب الکردي في ثورة العشرین العراقیة، مطبعة الحوادث، (بغداد: ١٩٧٨)، ص١١٥- ١٧٠.

٤٢ - محمد کامل محمد عبدالرحمن، سیاسة ایران الخارجیة في عهد رضاشا ١٩٢١- ١٩٤١، مراجعة: کمال مظهر احمد، (البصرة: ١٩٨٨)، ص٣٢.